# هەژار ئەو کەسە نییە کە خورمایەک و دووان یان پارووپەک ودووان دووری دەخاتەوە، بەڵکو هەژار ئەو کەسە کە خۆی لە داوا کردن بە دوور دەگرێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «هەژار ئەو کەسە نییە کە خورمایەک و دووان یان پارووپەک ودووان دووری دەخاتەوە، بەڵکو هەژار ئەو کەسە کە خۆی لە داوا کردن بە دوور دەگرێت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە هەقیقەتی هەژاری ڕوونەکاتەوە، ئەو هەژارەی کە ستایش دەکرێت لە نێو هەژاراندا کە زیاتر شایستەیە بەوەی خێر وبەخشینی پێبدرێت ئەوەیانە کە خۆی دەگرێتەوە لە داواکردن لە خەڵکی ئەگەرچیش پێویستە، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- کەسێکی بە خاوەن پێویستی دانەناوە کە دەچێت وداوا لە خەڵکی دەکات چونکە لەوەیە بە پێی پێویست پێی ببەخشرێت لە خێر وزەکات وئەمەش بەسە بۆی، بەڵام کەسێکی پێویست لە ڕاستیدا کەسێکە کە داوا ناکات وپێویست بوونی بەردەوامە چونکە ئەو هیچی دەستناکەوێت بەهۆی داوا نەکردن لە خەڵکی؛ وئەمەیان شایستەترە کە خێر وبەخشین وزەکاتی پێبدرێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3141